# داكۆكیكردن و یاسا ژینگەییەكان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

ژمارە ٦ — تشرینی دووەم - ٢٠١٥

## كۆبونەوە لەگەڵ خاوەن بڕیارەكان لە پەرلەمانی كوردستان – عێراق



تیمی پرۆژەی داكۆكیكردن ، كۆبونەوەی لەگەڵ جێگری سەرۆكی لیژنەی كشتوكاڵ لە پەرلەمانی كوردستان بەرێز (غەریب پێنجوێنی) لە نوسینگەی پەرلەمانی كوردستان لە سلێمانی لە بەرواری ٢٩ی تەموز ٢٠١٥ ئەنجامدا ،ئامانج لە كۆبونەوەكە ئەبوو كە چۆن دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هانی خاوەن بەرژەوەندیەكان ( خەڵك و رێكخراوە ناحكومیەكان ) بدات كە بەشێوەیەكی بەرچاو بەشداربن لە لە تەشریعاتە ژینگەییەكان لە پێش دەرچواندنی لە پەرلەمانی كوردستان ، وە چۆنیەتی بەشداری پێكردنیان لە پرۆسەی دروستكرنی بریارەكان و دەربڕینی ڕاو بۆچونەكانیان .

لە كۆبونەوەكە گفتوگۆ كرا لەسەر یەكەمین مسۆدەی پرۆژە یاسای **(بەرێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان- عێراق)** كە پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان كراوە لە ساڵی ٢٠١٤ كە هەتا ئێستا ئێستا لە بواری گفتوگۆكردندایە .

دەرئەنجامی كۆبونەكە گەیشتن بە خاڵێكی دیاركراو، ئەویش زیاد كردنی رۆڵی رێكخراوە ناحكومیەكان و بەشداری پێكردنیان لە تەشریعاتە ژینگەییەكان و یاساكانی ئاو ، وە رۆڵی رێكخراوی سروستی عێراق دروست كردنی پەیوەندی لە نێوان رێكخراوە ناحكومیەكان و مامۆستایان لە زانكۆكان كە لەبواری تایبەت بە ئاو كاردەكەن بە مەبەستی كۆكردنەوەی سەرجەم تێبینیەكان لە سەر پرۆژە یاساكە و پێشكەش كردنی بە لیژنەی پەرلەمان .

## كۆبونەوەی هاوبەش لەگەڵ ڕێكخراوە ژینگەییە نا حكومییەكان و پسپۆران لە بواری ئاودا ، بە مەبەستی پێداچوونەوە بە پرۆژە یاسای ( بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق )

**هەنگاوی یەكەم :-**

لە بەرواری ١٨ ئابی ٢٠١٥ ، تیمی پرۆژەی داكۆكی كردن كۆبونەوەی هاوبەشی خۆی لەگەڵ رێكخراوە ژینگەیەكان بەست لە سلێمانی لە هوڵی ( سەوا سەنتەر) لەلایەن كیدۆ (رێكخراوی گەشپێدانی ئابووری كووردستان ) ئەو كۆبونەوەیە بەشێك بوو لەو كۆبونەوەكانی كە لەماوەكانی دواییدا ئەنجامدار لەگەڵ جێگیری لیژنەی كشتوكاڵی و سەرچاوەئاویەكان لە پەرلەمانی كوردستان لە نوسینگەی پەرلەمانی كوردستان - سلێمانی .

لەكۆبونەوەكە ( ١٥ ) لە نوێنەری رێكخراوەكان و دووپسپۆری شارەزا لە بواری ئاو لە لە زانكۆی سلێمانی بەشداربوون ، ئامانج لە كۆبونەوەكە كۆكردنەوەی سەرجەم تێبنی و ڕاو بۆچونی بەشداربووان بوو لەسەر پرۆژە یاسای **(بەرێوەبەردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق )** لە كۆی( ٣٩ ) بڕگە لە یاساكە ( ٢٠ ) بڕگەی یاسایی چاوپێداخشانەوەی بۆ كرا لەلایەن بەشداربووانەوە.







**هەنگاوی دووهەم :-**

لەبەرواری ٨ی تشرینی دووهەم ٢٠١٥ ، بەشی دووهەم لەكۆبونەوەی هاوبەش رێكخرا بەمەبەستی چاوپێداخشانەوە بەسەر ئەو بڕگە یاساییانەی كەماوەتەوە لە پرۆژە یاسای (بەرێوەبەردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان – عێراق) وە سەرجەم ٣٩ ماددە یاسایەكە خوێندنەوەی بۆ كرا وە مسۆدەی كۆتایی رێكخرا، وە ئەم كارە بەیەكێك لە گرینگترین یاساكان دادەنرێت لە كاتێكدا لە هەرێمی كوردستان هیچ تەشریعێكی تایبەت نیە لە بەرەێوەبردنی ئاو لە هەرێمی كوردستان ، وە بەشدار بووان لەسەر ئەوە كۆك بوون كە كۆبونەوەیەكی تایبەت رێكبخرێت بەمەبەستی كۆكردنەوەی راوبۆچون و تێبینەكان تایبەت بە دەروازەی چوارەم لە ( حوكمە سزاییەكان ) بەمەبەستی دیاری كردنی پێبژاردەكان و سزاكان و وە بەراورد كردنی لەگەڵ ئەو یاسانەی تر كەلە عێراقدا بەردەستە وە بۆ ئەوەی پێچەوانەی یاساكانی تر نەبێت ، وەلەهەمان كاتدا كەسێكی شارەزا لە بواری زمانەوانی بانگهێشت بكرێت بۆ داڕشتنەوەی مسۆدەی پرۆژەكە وە لەكۆتایدا پرۆژەكە پێشكەش بە لیژنەی پەرلەمانی كوردستان بكرێت .

رێكخراوی سروشتی عێراق گەشبینە بە دەرئەنجامی كۆبونەوەكان لەبەرئەوەی ئەم شێواز كاركردنە جۆرێك لە هەماهەنگی و شەفافیەت لە كارەكادا دروست ئەكات لە نێوان رێكخراوە ژینگەیەكان و لایەنی پەیوندیدارەكان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان .